گیان لەدەستدانی کچێکی تەمەن نۆ ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە



بەووە بەرایەتیی پۆلیسی ڕاپەڕین رایگەیاند، کچێکی تەمەن نۆ ساڵ بەهۆی بەرکەوتنی گوللەوە گیانی لەدەستدا و بەوتەی کەسوکارەکەشی، بەهۆی دەستکاریکردنی چەك لەلایەن منداڵێکی دیکەوە، ئەو کچە نۆ ساڵانە گوللەی بەرکەوتوە". پۆلیسی ڕاپەڕین لەڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، "دوای نیوەڕۆی ئەمڕۆ کچێکیان بە بریندارى هێنایە نەخۆشخانەی گشتی ڕانیە بەناوی (س،ع،ڕ) تەمەن نۆ ساڵ کە دانیشتوی گەڕەکی دابانی قەزای حاجیاوابو، شوێنەواری گوللە بە جەستەیەوە هەبو، لەبەر سەختی بریندارەکەی بەڕێکرا بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، بەڵام بەهۆی سەختی بریندارەکەی لەڕێگا بۆ نەخۆشخانەی گیانی لەدەستدا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "لەلایەن بنکەی پۆلیسی نەخۆشخانەی ڕانیە دەسیەی لێکۆڵینەوە بۆ ڕووداوەکە کرایەوە، بەگوێرەی وتەی کەسوکاری "کاتێك کچەکە لەگەڵ چەند منداڵێکی دیکە لەماڵی باپیری بوە لە گەڕەکی کۆمەشی ڕانیە، لەو کاتەدا یەکێك لەمنداڵەکان دەستکاری چەکی کردوە فیشەك بەر کچەکە کەوتوە".

ئەوەشیخستەڕو، "دوای گەیشتنی تیمی بەڕێگەکانی تاوانی هاپەڕێین بۆشوێنی هۆداوەکە، لە شوێنی هۆداوەکە دەستگیرا بەسەر چەکێکی کلاشینکۆف لەگەڵ دو قەوانی تەقیو، بۆ زانینی هۆکاری هاستەقینەی هۆداوەکە لێکۆڵینەوە بەردەوامە".